# لەژێر هەرزاڵی ساردی "مردن"دا

بەرزان هەستیار
دیسەمبەری2003
ئەڵمانیا/کۆڵن
bhasriar@yahoo.de

بەیانیان بەر لە خۆمان
ئەو پۆشتەو پەرداخ خۆی گۆڕیوەو
بێ وادە ،تەق..تەق لە دەرگای ژوورەکانمان ئەدا
کە ئەچین بۆ قوتابخانە،
بەر لە مامۆستا،لەناو پۆلەکە وەستاوەو
ئەو وانانەی لەسەر تەختەکە نووسیوە کە ڕۆژ نییە ئەزبەر نەکرێن
لەبازاڕ،بەر لە ئێمە دوکانەکانی کردووینەتەوە،
یاریی بە تەرازووەکان ئەکات و
حەز ئەکا هەمیشە لاسەنگ بن
لە سەیران بەر لە هەموان کەوتووەتە گۆشت برژاندن و
خەیاڵەو بە ژیانەوە گرتوویەتی..

**********

خەنی ئەبێ،لە جەنگەکاندا خەنی ئەبێ
جلە تازەکانی لەبەر ئەکاو
پێڵاوە ڕەشەکانی ئەکاتە پێ
دەستێکی ئەخاتە سەر شانمان و
پەیتا..پەیتا بەدەستەکەی تریش
تفەنگەکانمان بۆ پڕئەکاتەوە لە فیشەك

هەردەم سەرقاڵەو ناپەرژێتە سەر وەڵام دانەوەی سڵاویش
هەر خەریکی سڕینەوەی ژمارەکانە،
ئەو هەموو ناوەکان ئەگۆڕێت،
بە ژنەکانمان ئەڵێ ،ڕووناکییەکانی ئێوەم بەخشی بە سەراب
بە منداڵەکانمان ئەڵێ،ئیدی ئەنگۆ بۆتان نییە
لە دەروازەکانی تریقەوە هاموشۆ کەن
بە هەموومان ئەڵێ دوامەکەون
هاتووم ئەو قەرزەم دەنەوە
کە ئەتانەوێ خۆتانی لێ گێل بکەن
ئەو قەرزەی خۆشتان نازانن بۆ وەرتان گرت
******************

دێت،لەژێر درزی دەرگای ژوورەکانمانەوە دزە ئەکات
چراکان بە هاڕەی شکانێ لاڵ ئەکاو
هەنگاومان بۆ ئەو بەندەرانە ئەدزێ
کە بەسەر مەرزەکانی تارماییدا ئەڕوانن
(ئێوارانێ ناهێڵێ ئەو عەترە پایزییانە هەڵمژین
کە نەرمە بارانی خامۆشیی
لە خۆڵی بەر قاپیی خەیاڵێکمانی هەڵئەسێنێ)
چاوی بەو ژوانانە هەڵنایە
کە بۆنی ماچ ،نائومێدییەکان هەراسان ئەکات
دڵی بەو نیوەڕۆ گەرمانە تێکەڵدێت
کە کوڕە عەجوولەکانی گەڕەك ،نامەی دڵداریی
هەڵئەدەنە حەوشەی ماڵە دراوسێوە،
ئای خودایە ئەم زەنگە نەشازە چییە
ساباتەکانی خۆشویستن پڕئەکات لەسەدای بێ دەنگییەکی سارد
ئاسمانەکانی تێکئالان بچووك بچووك ئەکاتەوە
بۆ داچۆڕینە نێو جۆگەلە تەڵخەکانی( بەسەرچوون)
چ گەمەیەکی کرێتە
لەبەر پەنجەرەکانی مەست بووندا

پەردەکانی نەشئەمان لێ دائەداتەوەو
شەقاوەکانمان هەڵئەگرێتە سەر توولە ڕێکانی شکستبوون
لەنیوەی گۆرانییەکاندا ئیدی، ڕەژوو لە زارمان ئەبارێ
بەرلەوەی شەمامەکانی موحیببەت زەرد بن و
بە کامی دڵ بۆنیان بکەین،نقێمە شینەکانی هەناسە ئەشکێن
بەر لە ڕۆژبوونەوە ،شەونم دوا ڕستەی خۆی ئەڵێ
بەر لەوەی بەهار چارۆکەکەی بکاتەوە
نێرگز وەسیەتی خۆی نووسیوەو
ژاکان بوەتە میراتگری و پەڕە سپییەکانی
داوە لەقژە دێزەکەی خۆی؛.......
ئێی خودایە، نەدەکرا لێمان گەڕێی،
کەی لە جەنگەکانی ژیان وەڕس بووین
بە کەیفێکی سازاوە بازێکمان بدایە ئەودیو
تەیمانی باخەکەی تۆوە؟
چ دەبوو ئەم دالاشی"مردن"ە
هێند خوێن تاڵ و نەگریس نەبا
لەهەر جێوە تێپەڕبێت ئێمە خۆمانی لێ گێل کەین؟!!
بۆ حەز ئەکەی زارەترەك بمانبینی،خودایە
بۆ ئەتەوێ کە دێینەلات
لە ترسی مەرگ هێندە هەڵهاتبین..هەڵهاتبین..هەڵهاتبین
ڕەنگمان لەڕوو بڕابێت و بە ئاستەم شێوەمان بکەیت؟!
چەند جوان بوو خودایە ،چەند جوان بوو
ئێمە خۆمان فرسەخ بە فرسەخ بە دوایا وێڵ بین
لە کوێ چمکێکی کراسە بێ ڕەنگەکەیمان کەوتە دەست
بە حەشمەتەوە پێی بڵێین
ئەگەر کرا ئیمزایەکمان بۆ بکات و
وێنەیەکی بۆ یادگار لەگەڵ بگرین